# ڕۆژی گەل
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٦٣) یەکشەممە ٢٠٠٦/١٢/١٠



لەم ژمارەیەدا

ل٣ ڕاپۆرتی بیکەر و هاملتن ئاشکرا دەکرێ

ل٤ بەڵێنی بەرپرسان و قەیرانی سوتەمەنی بەرەو کوێ؟!

ل٥ ئەمریکا لە نێوان سەرکەوتن و شکستدا

ل٦ بەناوی یاساوە دەکوژران


## ڕیچارد هاس: سەردەمی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵات کۆتا دەبێ

ریچارد هاس راوێژکاری وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا،لە ژێر ناوی رۆژهەڵاتی ناڤینی نوێدا وتارێکی لە رۆژنامەی ( فۆرین ئەفیرز) دا بڵاو کردۆتەوە ، تێیدا نووسیویەتی :( خەونی ئەمریکا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوشێوەی ئەوروپایێکی ئاشتیخوازو دیموکراسی و گەشەکردوو، هەرگیز وەدی نایەت).

ناوبراو لە وتارەکەیدا رەخنەی لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناڤین گرتووە و وای پێشان داوە کە دەرچوون لە گێژاوەکانی رۆژهەڵات ئاسان نیە، چونکە ئەمریکا بەو سیاسەتەی دووچاری ئاڵۆزی و هاوڕکی لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی دیکەی جیهاندا دەبێتەوە.

# با کوردستانیان ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن ڕەت بکەنەوە

دوای ئەوەی ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن بڵاوکرایەوە، کاردانەوەی جۆراوجۆر لەنێوەندەکانی وڵاتانی هەرێمی و هێزەکانی عێراقی و کوردستانی وەدیار کەوتن. دەوڵەتانی داگیرکەر خۆشحاڵی خۆیان بۆ ڕاپۆرتەکەدەربڕی، هێزەکانی سوننەو دەمارگیرەکانی دیکە شاگەشکە بوون، بەڵام شەقامی کوردستان بەو ڕاپۆرتە نیگەران و تەنگەتاو بوو. لە دەستپێکدا بەرەی گۆڕان ڕامانی خۆی لەسەر زاری سەرۆکی کاتی بەرە بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا، بە توندی ڕەخنەی لە ڕاپۆرتەکە گرت و بە مەیلداری بۆ سوننە و تورکیا تۆمەتباری کردن و داوای لە لایەنە سیاسیەکان کرد کە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بۆ ئەو مەبەستە پێکبهێنرێ و هاوڕامانی دژ بە ڕاپۆرتەکە پێشان بدرێ. هەروەها بەرەی گۆڕان لەو باوەڕەدایە کە دەبێ ئیتر کوردستانیان باوەڕ بە بەرپرسانی ئەمریکا نەکەن و گوشارەکانی خۆیان چڕ بکەنەوەو کارێک بکەن کە پێشنیارەکانی ڕاپۆرتەکە نەخرێنە واری کردارییەوە. دواتر ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێم گلەیی خۆی لە بەرپرسانی ڕاپۆرتەکە کرد و ڕەخنەی لێگرتن کە بۆچی سەردانی کوردستانیان نەکردوەو پرسیان بە بەرپرسانی کوردستان نەکردووە. پاشان سەرۆکی هەرێم ڕاپۆرتەکەی بە نارەوا نرخاند و ڕایگەیاند کە ڕاپۆرتەکە ناواقیعی و نەگونجاوە. سەرۆکی هەرێم دیاریکردووە کە ڕاپۆرتەکە پێچەوانەی ئەوقسانەیە کە جیمس بیکەر بە تەلەفۆن پێیڕاگەیاندبووین.

بەگوێرەی لێدوان و ڕامانی هێزە سیاسی و بەرپرسانی کوردستان، ئەمریکا دووڕوویی لەبەرانبەر کێشەی کوردستان دەنوێنێ ، لە لایەکەوە وا پێشان دەدات کە هاوسۆزی لەگەڵ گەلی کورد دەکات، لەلایەکی دیکەوە نایەوێ کێشەی کەرکوکی تەعریبکراو چارەسەر بکرێ. تەنانەت بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان وا دەردەکەوێ کە ئەمریکا گرفت و ئاستەنگ بۆ ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی کەرکوک دەنێتەوە. لە ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن دا داواکراوە کە ریفراندۆمی کەرکوک بەڕێوەنەچێ و دوابخرێت. لەژێر ڕۆشنایی ئەوراستیانەوە دەبێ کورد چاو بە سیاسەتی خۆی لەئاست ئەمریکادا بخشێنێتەوە، دەبێ کوردستانیان هاوهەڵوێست دژی ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن ڕابوەستن و ڕەتی بکەنەوە.

## هەواڵێک دوای ٢٧ ساڵ بڵاودەبێتەوەو خەڵات وەردەگرێ



ڕۆژنامەی واڵ ستریت ژۆرناڵ

لە ژێر سەر دێری فلاش پۆینتدا بڵاوی کردەوە کە وێنەگرێکی ئێرانی بەناوی جەهانگری ڕەزمی، لە ڕێکەوتی ٢٧_ ١٩٧٩، حەفتا وێنەی گوللە بارانکردنی لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گرت بوو، کە پێشان دەدات چۆن ١١ لە خۆڕاوە گیراون و گوللە باران دەکرێن. یەکێک لە وێنەکە ساڵانێکە بەدنیا بڵاوبۆتەوەو توانیویەتی خەڵاتی پۆلیتزەر بەدەست بهێنێت. ئەم خەڵاتە دراوە بە وێنەگرەکەو ناوەکەشی ئاشکرا نەکراوە. ئەم خەڵاتە بەدرێژایی تەمەنی خۆی کە ٩٠ ساڵە، ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە بدرێت بەکەسێکی گومناو. ئەوەی شیاوی باسە جەهانگری ڕەزمی لەوساوە ٢٧ دانە لە وێنەی لە کۆنتاکت شتێک دا دوور لە ماڵەکەی خۆی پاراستبێ. ڕۆژنامەکە وابڵاو دەکاتەوە کەئەمە یەکەمین جارە ئەو ٢٧ وێنەیە بەیەکەوە بڵاو بکرێنەوە. جێگەی باسە کە ئەم ساڵ جەهانگری ڕەزمی خەڵاتەکەی وەرگرت کە ١٠٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بوو.

## ڕۆژەڤ

ئەمجارەشیان لە ئاکامی نەخوێندنەوەی هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان، لەئاکامی کێبەرکێی دەستەڵات و بەرچاوتەنگی حزبایەتی، خەریکە مێژوو خۆی دووپات دەکاتەوە. ئەوەتا عەرەبە سوننەکان و شیعە توندڕۆکان جەخت لەسەر ناوەندێکی بەهێز دەکەنەوە و دەخوازن حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی پێکبهێنرێ؛ وڵاتانی عەرەبی لەهەوڵی ئەوەدان بە پاڵپشتی ئەمریکا کۆنگرەیەکی هەرێمی بۆ کێشەکانی عێراق پێکبهێنن؛ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەخوازێ کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بەڕێوەببرێ. ئەم خواستانە هەرهەموویان لەگەڵ بەرژەوەندی و خواستەکانی گەلی باشووری کوردستان دا ناکۆکن. لەلایەکی دیکەشەوە گروپی لێکۆڵینەوە لەبارەی عێراق لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا کە بەڕاپۆرتی باکەر- هاملتن ناسراوە، جەخت لەسەر دواخستنی بەڕێوەچوونی ریفراندۆمی کەرکوک دەکاتەوە. دەخوازێ کە سەرچاوە نەوتیەکان لەژێر ڕکێفی بەغداد بمێننەوە و لەجیاتی فیدراڵی پشتیوانی لە ناوەندێکی بەهێز بکرێ، ئەو هەوڵانە هەرهەموویان کۆمەڵێک گومانیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە، کەچی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان خۆی لە هاوکێشەکان دەپارێزێ و ناخوازێ ڕاستەخۆ لێیان نزیک بێتەوە، لەکاتێکدا دەبووایە ڕاشکاوانە لەبەرانبەر ئەو هەوڵە نەزۆکانە هەڵوێست وەربگرێ و بیر لەبەکارهێنانی کارتەکانی گوشار بکاتەوە.

ئەوکاتەی کە هێزەکانی ئەمریکا لە شارەکانی کوردستان گوڵباران دەکران و لە شارەکانی عێراقیش تەقەیان لێدەکرا، دەستەڵاتداران وایان لەخەڵک دەگەیاند کە ئەوان سیاسەتێکی ڕاستین دەکار دەکەن و سەرنجی بەرپرسانی ئەمریکی بۆ لای خۆیان و کوردستانیان ڕادەکێشن، ئەوان ئەو لاوە کەرکوکیانەشیان بە ناحەز ناودەبرد کە لەسەر داگرتنی ئاڵای کوردستان، هێزەکانی ئەمریکایان بەردباران کرد، بەڵام ئاکام تەواو پێچەوانە شکایەوە، ئەوەتا بەرپرسانی ئەمریکا لە زۆربەی کارەکانیاندا پرس بە کورد ناکەن و فەرامۆشیان دەکەن، کەچی لە کوچە و کۆڵانەکانی وڵاتانی ناوچەکە و ئەوروپادا بەدوای بەرپرسانی هێزە سوننەکان و بەعسیەکاندا دەگەڕێن و داوای دیدار و کۆبوونەوەیان لێ دەکەن. گروپی لێکۆڵینەوە لە بارەی عێراق بەسەرۆکایەتی لی هاملتن و جەیمس باکەر سەردانی سەدان کەسیان کرد، تەنیا سێ کوردیان تێدابوو کە ئەوانیش لە پۆستی بەرپرسیارێتی عێراقیدان، لە وتووێژەکانیاندا جەختیان لەسەر ڕێگاچارەی کێشەکانی عێراق و بەهێزکردنی حکومەتی بەغداد کردۆتەوە.

شاردنەوەی ڕاستیەکان لەجەماوەر و خاپاندنی کوردستانیان بە بەڵێنە جۆراوجۆرەکانیان وا خەریکە دووچاری هەڵدێرمان دەکاتەوە، ئێستا هەڕەشەو مەترسیەکان لە قەوارەی کوردستانی ئازاد نزیکتر دەبنەوە، ڕاشکاوانە هەوڵی هێشتنەوەی ڕەوشی نائاسایی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە دەدرێ. بە واتایەکی دیکە نە حکومەتی بەغداد پەرۆشی ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی پارێزگای کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەیە، نە ئەمریکا و هێزە سوننی و شیعەکانیش بە ڕاستگۆییەوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە کوردستانیان بە بەرپرس و هێزەکانیەوە، بە ڕێکخراو و جەماوەریەوە هاوهەڵوێستی پێشان بدەن و سیاسەتی دژ بە خواستی گەلی باشووری کوردستان لەقاوبدەن، با جەماوەر بڕژێنە سەرشەقامەکان و داوای جێبەجێکردنی ئەو بەڵێن و پەیمانانە بکەن کە دەستەڵاتدارانی کوردستان لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکاوە بۆیان دەهێنایەوە، ئەوان جەختیان دەکردەوە کە بەرپرسانی ئەمریکا سۆزو بەڵێنیان پێداوین کە جارێکی دیکە پشت لە کورد ناکەن و پشتیوانی لە خواست و مافەکانیدا دەکەن. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە چیتر چاوەڕوانی بەرهەمی ئەو بەڵێن و پەیمانانە لە ئەمریکاو نەکەین، با بە هەڵوێست و بەرخۆدانی ڕاشکاوانە ڕێگە لە پاشکەزبوونەوەیان بگرین. با بەیەکگرتووی پێشنیارەکانی ڕاپۆرتی باکەر-هاملتن و خواستەکانی دەوڵەتی تورکیا پوچەڵ بکەینەوە.

## بوش نێردەی خۆی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەکات



جۆرج بوش سەرکۆماری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای لە تۆنی بلێر سەرەکوەزیرانی بەریتانیا کردووە سەردانی وڵاتانی ڕۆژهاڵاتی ناڤین بکات و هەوڵی زیندووکردنەوەو پرۆسەی ئاشتەوایی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان بدات.

لە ڕاپۆرتی بیکەر – هاملتۆن هاتووە کە دەبێ لەگەڵ دەستپێکی ساڵی ٢٠٠٨، ئەمریکا هەوڵی کێشانەوەی هێزەکانی خۆی بدات، بەڵام جۆرج بوش پێشنیارەکە بە دروست نازانێ و پێیوایە دەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە ڕای هاوپەیمانانی وەربگرێت.

چاودێران شکستی بەرنامەکانی جۆرج بوش لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێشبینی دەکەن و دەڵێن، کە تائێستا سیاسەتی ئەمریکا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام بوش شێلگیرانە دووپات لەسەر سەرخستنی بەرنامەکانی دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە تۆنی بلێر کردووە کە سەردانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتانە کۆببێتەو، بەڵام نازانرێ ناوبراو سەردانی سوریا و ئێران دەکات یان نا؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە بوش پشتیوانی لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێراق دەکات و دەخوازێت ئێران و سوریا لە کۆنگرەکەدا بەشداری بکەن.

## ئیسرائیل کۆماری ئیسلامی بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێ



جەنەڕال (مۆشێ کابلینسکی)، کەسی دووەمی سوپای ئیسرائیل مەترسی خۆی سەبارەت بە پێشکەوتنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بواری چەکی ناوکی دیار کرد و ڕایگەیاند کە ئەگەر ئێران بەرنامەکانی خۆی تەواو بکات، بەڕاستی هەڕەشە لەسەر بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل پێکدێنێ.

کابلینسکی لەو باوەڕەدایە کە ئێران سیاسەتێکی سەرکەوتووی لە بەرانبەر وڵاتان گرتووەتەبەر و بەخشکەیی دەیەوێ بەرنامەکانی چەکی ناو ناوکی تەواو بکات هەر کاتێ بەرنامەکانیشی تەواو بوون ئیدی مەترسی بۆ سەر ئیسرائیل و وڵاتانی ئەوروپاش پێکدێنێ. لە لایەکی دیکەوە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران تۆمەتەکەی وڵاتانی سەبارەت بە بەرنامەکانی ئێستای بە درۆخستەوەو ڕایگەیاند کە ئێران پێشکەوتنی بەرنامەکانی بۆ بواری ئاشتی تەرخان دەکات و مەبەستی بەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی نییە.

